

# هەنگاوەکانی ڕازاندنەوەی سفرە و خوانی بەربانگی ڕەمەزان

مانگی ڕەمەزان، جگە لەوەی مانگی تاعەت و نزایە، هەورەها لەو مانگەدا سفرە و خوارنەکانی بەربانگ ڕازاوە و پڕ خواردنی هەمە چەشن دەبن، لەو مانگەدا ئەندامانی خێزان بە یەکەوە لەسەر خوانی بەربانگی ئێوارە کۆدەبنەوە، بۆیە تۆش وەك خانمێکی کارامە هەوڵبدە سەرمێز و سفرەی خوانت بە جوانترین شێوە بڕازێنیتەوە، ڕازاندنەوەی خوانی بەربانگیش لەم چەند هەنگاوانەی خوارەوەیە:

- هەڵبژاردنی سفرەی خواردن، دەبێت بە جۆرێك بێت کە گوزارشت لە مانگی ڕەمەزان و خواردنی بەسوود و جۆراوجۆر بێت، دەکرێ لە سفرەکەدا وێنەی فانۆس و گلۆپ و مانگی تێدا بێت، بۆ ئەوەی کاتێك لەسەر ئەو سفرەیە دادەنیشت، هەست بە گۆڕانکاری بکەیت و هەستی هاتنەوەی مانگی ڕەمەزان بۆت دروست بێت.

- سفرە و خوانێکی پاك و پڕ لە کەرەستە ئامادە بکە، هەوڵبدە زۆرترین خواردن و شیرینی و خواردنەوە ئامادە بکەیت، با ئەو مانگە هەندێك ماندوو بیت، چونکە ماوەیەکی کاتییە و دەڕوات، شوێنی سفرەکەش با تەنگ نەبێت و فراوان بێت.

- دانانی کەرەستە و کەلوپەلی تایبەت بە مانگی ڕەمەزان، وەك فانوسێکی دەستکرد، کەرەستەی مانگ و ئەستێرە و شێوەی مزگەوت، هەروەها دەتوانیت وێنەی جۆراوجۆری بەربانگ دابنیت و هەوڵبدە مۆمیش پێ بکەیت تا دیمەنێکی جوان بە سفرە و خوانەکەت بدات.

- دەکرێت وێنەی جۆراوجۆر کە گوزارشت لە مانگی ڕەمەزان بکات، لە دیوارەکانی ژووری چێشت، یان سەر سفرە و خوانەکەت بدەیت، چونکە هەستێکی خۆش و ناوازەی ئایینی بۆ هەمووان دروست دەکات و هەروەها دەبێتە هۆی هێنانی خێر و بەرەکەت بۆ ماڵەکەت.

- هەوڵبدە زۆرترین خواردن و شیرنەمەنی و بەڵکو سەوزە و میوەش لە خوانی بەربانگت هەبێت، ئەگەرچی هەندێ جار کەم دەخوردرێت، یان هەندێکیان هەر ناخورێت، بەڵام بۆ ڕازاندنەوە و قەرەباڵغکردنی سفرە و خوانەکەت ناوازە دەبن.



## چۆن ڕێگری لە هەڵە و کێـ

هەمیشە ئافرەتان خۆیان بە دوور دەگرن لە کێشە و ئەو هەڵانەی کە شیرازەی خێزانەکانیان تێکدەدەن، کەچی ئەو هەڵانە سەرهەڵدەدەن و دووبارەش دەبنەوە. ئاساییە لە نێو ژیانی ڕۆژانەدا هەڵە و کێشە هەبێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە بە دروستی مامەڵە لەگەڵ ئەو گرفتانە بکەیت و ڕێگەچارەیان بۆ دابنێیت، زۆریش پێویستە ڕێگە لە سەرهەڵدانی ئەو هەڵە و کێشانە بگریت. بەم بۆنەیەوە پسپۆڕانی خێزان دەربارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن و ڕێگەگرتن لە هەڵەکان دەڵێن: هەوڵبدە نهێنییەکانتان لە نێوان خۆتان بێت و مەهێڵن کەسانی دیکە بە کار و ئەرك و زانیاری نهێنیی نێوانتان بزانێت، هەروەها هەوڵبدەن هەمیشە لە کەشێکی خێزانیدا





# مۆد و شێوازە ناسکەکانی کاتژمێری دەست

کاتژمێری دەست، کەرەستەیەکە بۆ زانینی کات، هەروەها خشل و ئێکسسوارێکە بۆ جوانیت، ئەوانەی خولیای لە دەستکردنی کاتژمێرن ڕەنگە زیاتر لە جۆرە کاتژمێرێکیان هەبێت، ئەوانەش کە حەز بەو خشلە ناکەن، دەتوانن جارێك تاقی بکەنەوە کە لە دەستە خوشکێك، یان هاوڕێیەك وەریبگرن و لە دەستی بکەن، ئەو کاتە دەزانن چەندە جوان و ناوازەیە. لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزانیشدا پێویستە کاتەکانت ڕێکبخەیت بۆ کاتی دەوام و دەرچوون و ئامادەکردنی چێشت، بۆیە پێویستە کاتژمێرت هەمیشە لە دەست بێت، تا بتوانیت بە سانایی کاتەکانت بزانیت، هەروەها هەندێ جاریش ڕەنگە بە هۆی وەستانی کاتژمێریکی ماڵ، یان کاتژمێری ژووری چێشت تووشی هەڵە ببیت، بۆیە لە دەستکردنی کاتژمێرێك بەسوودە و بۆ ڕازاندنەوەی دەستیشت دەبێت. لە مۆدە تازەکانی کاتژمێرەکانی دەستدا، بایەخ بە کاتژمێری نەخشدار دراوە، کە بەشێکی زۆری نەخشەکە کەوتۆتە سەر زنجیرەکان، هەروەها سەری کاتژمێرەکەش گەورە و بە شێوەی بازنەیی بێت، جوانترە. لە بارەی ڕەنگی کاتژمێرەوە، هەوڵبدە ڕەنگەکانی زێڕی و ڕەش و سپی بۆ سەری کاتژمێرەکە هەڵبژێریت، هەروەها ڕەنگی قایشەکانیش با (سوور، پەمەیی، ڕەش، زیوو، قاوەیی) بێت.



## شەکانی نێو خێزان دەکەیت؟


بژین، دوورەپەرێزی و خەریکبوون بە کاری زۆر، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کێشە و گرفت. واچاکە ماوە ماوە بەیەکەوە دەربچن و هەردەم لە ماڵدا نەبن، چونکە زۆر دانیشتن و لە ماڵ بوون دەبێتە مایەی وەڕزبوون و بێزاری، بۆیە ڕۆتین بشکێنن و دەرچن. لە کاتی تووڕەبوونی یەکێکتان با ئەوەی دیکە هێمن و لەسەرخۆ بێت، تا کێشەکە زیاتر نەبێت و زوو تەواو بێت. لەکاتی گفتوگۆ و قسەکردندا، واباشترە لە ڕێگەی ڕووبەڕوو بێت، نەوەك بە نامە و تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی و ئینتەرنێت، هەروەها نابێت هێندە خەریکی مۆبایل و ئینتەرنێت بیت، بەڵکو پێویستە کاتەکانت زیاتر بۆ خێزان و ماڵ بێت. هەوڵبدەن پێویستیی یەکتر لە رووی دەروونی و خۆشەویستی و هەست و تێگەیشتن پڕ بکەنەوە، هێندە لەسەر کاروباری پارە و دارایی کێشە دروست مەکەن و گەورەی مەکەن. لە کۆتاییدا، خۆتان لە یەکتر شکاندنەوە و قسە پێگوتن لە پێش چاوی خەڵك بپارێزن.

# بچووکترین خانوو بە زیاتر لە ملیۆنێک دۆلار فرۆشرا

نرخی خانوو و زەوی لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بەرزە و هەندێ جاریش بە هۆی کێشە و کرایزەکانی ئابووری نرخەکانیان دادەشکێن و دێتەخوارەوە، کەچی لە شاری لەندەنی بەریتانی نرخی خانوو و بەرە هەمیشە جێگیر و بەرزە، چونکە بەردەوام تیایدا بازاڕی کڕین و فرۆشتنی زەوی و خانوو ئاڵوگۆڕ دەکرێت، ئەوەی سەیرە دواجار بچووکترین خانوو بە نرخێکی خەیاڵی فرۆشرا کە جێگەی بڕوا نییە. ئەو خانووە دەکەوێتە ناوچەی (پاترسی) لە شاری لەندەن، رووبەری ئەو خانووە (٢٢٠) مەتر دووجایە، بە (١,٥) ملیۆن دۆلار فرۆشراوە، ئەو خانووە لە (٣) نهۆم پێکدێت و (٤) ژووری نووستن و گەرماوی تێدایە، توانیویانە سوود لە بچووکترین رووبەری ئەو شوێنە وەربگرن، تا خانووێکی لەم جۆرەی تیادا دروست بکەن، خانووەکە لەلایەن کۆمپانیای خانووبەرەی (alma-nac) دروست کراوە و بە جوانترین خانوو دادەنرێت.










## دایکێک لە پرێک دەبێتە ئـ

(شیللی گیفۆرد) ئەو دایکەیە کە هەموو بەیانییەك کچەکەی بە جوانترین شێوە جوان و ئامادە دەکات تا بچێتە قوتابخانە، ئەو ئافرەتە لە وڵاتی ئوسترالیا دەژی، هەمیشە حەزی بە ئارایشت و جوانکارییە، کچێکی (٦)ساڵی هەیە بە ناوی (گرەیس) قوتابی سەرەتاییە، ئەو دایکە هەموو رۆژێك جۆرە ئارایشتێکی قژ بۆ ئەو کچە بچووکەی دەکات، تا ئەو کارەی بووە جێگەی سەرنجی قوتابیان و مامۆستایانی ئەو قوتابخانەیە، دوای ئەوەی چەندین وێنەی دەگیرێت و بڵاو دەبێتەوە، کارەکانی ئەو دایکە










## ناشیرینترین و ناشایست

هەمیشە حەز بە شتی جوان دەکەین، ئەوانەی جوانن جێگەی سەرنج و تێڕامانن، ئەی ئەوانەی شێوەیەکی ناشایستە و ناشیرینیان هەیە؟ دەگوترێت جوانی شتێکی ڕێژەییە و خۆمان بەرز و نزمی دەکەین، وەك حاڵەتێکی دەروونی لە مێشکمانەوە ڕێژەیەکی بۆ دادەنێن و ئەوکاتەش بەهایەك دەدەین بە جوانی ئەو کەرەسەیە، ئاژەڵان و گیانداران کە جوانی لای ئەوانیش بەندە بە شێوەی روخسار و رەنگی جەستەیان، لە پێشوودا زیاتر جوانترینەکان










# فیستیڤاڵی ئاشتەوایی و پێکەوەژیان








سالانە لە زۆربەی ناوەندە ئەکادیمی و گشتییەکاندا فیستیڤاڵ و بۆنە ساز دەکرێن، ئەمساڵیش کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی لە زانکۆی سەلاحەدین جوانترین و ناوازەترین فیستیڤاڵیان ساز کرد، فیستیڤاڵەکە لە ژێر ناوی (ئاشتەوایی و پێکەوەژیان)، کە دروشمی کوردستانە و جێگەی هەموو نەتەوە و چین و توێژەکانە تا لەژێر سێبەری ئاڵای کوردستان بەیەکەوە و بە ئاشتی و خۆشی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە گوزەر بکەن، لە فیستیڤاڵەکەدا هەر بەشێکی ئەو کۆلێژە نمایش و شانۆیەکی بچووکی ئەنجامدابوو، بڕگەکانی فیستیڤاڵەکە پێکهاتبوون لە: شایی و هەڵپەڕکێ، میوانداری، دانیشتن و خواردن، کووتین و حەنا کردن، وێنەکێشان، کەلتووری کوردەواری، نمایشی جلی نەتەوە و پێکهاتەکان، کە تیایدا کچان و کوڕانی فیستیڤاڵەکە بە جلی کوردی و جلی نەتەوەکانی دیکە لە پێشوازی میوانانداا بوون، هەروەکو بڕیاردەری بەشی کوردی لەسەر فیستیڤاڵەکە گوتی: ئێستا کۆلێژ تەنیا شوێنێك نییە بۆ پێدانی زانیاری بە قوتابیان، بەڵکو شوێنێکە بۆ گەشەکردن و چەکەرەکردنی توانا هزری و پیشەییەکانی قوتابی، لەم ڕوانگەیەوە و بڕوابوون بەم ڕاستییە، ساڵانە فیستیڤاڵ ئەنجام دەدەرێت بە بەشداری قوتابیان و مامۆستایان و فەرمانبەران، بەتایبەت ئەوانەی لە بوارێکدا توانا و دەستڕەنگینییان هەیە، بیرۆکەی ئەو فیستیڤاڵە، بڕوابوونە بەوەی قوتابی کۆلێژ جیاوازی هەیە، بۆیە مافی خۆیەتی لە فیستیڤاڵی لەم جۆرەدا تواناکانی نمایش بکات. ناوی ئاشتی و پێکەوە ژیان، واتە قوتابیانمان بە ڕۆحێکی پێکەوەژیان و برایەتی، هەمووان بەشدارن لەو فیستیڤاڵە قەشەنگە و تا دیمەنێکی جوان پێشکەش بکەن.











## ـــــارایشتکارێکی بەناوبانگ

دەبێتە جێی تێڕامانی دیزاینەران و ئارایشتکارانی قژەوە، بەم شێوەیە داوا لەو دایکە دەکرێت کە لە کۆمپانیا گەورەکانی ئارایشت و دیزاینەری قژبڕین بەشدار بێت، تا سوود لە بەهرە و دەستڕەنگینییەکەی وەربگرن. (کەیت) یەکێکە لە نزیکترین هاوڕێکانی ئەو ئافرەتە و دەڵێت: ڕۆژانە داوام لێی دەکات کە سەردانی بکەم و قژم ئارایشت بکات. ئێستا (شیللی) بۆتە یەکێك لە گەورە ئارایشتکارەکانی ئەو وڵاتە و لەگەڵ چەندین ئارایشتکاری بەناوبانگی وڵاتەکەی بەشداری نمایش و کاری جوانکاریی قژ دەکات.










## ـــــەترین ئاژەڵ و گیاندار

دیاری دەکران، کەچی ئەوجارە لە ڕاپۆرتێکی گۆڤاری (وۆندەر لیست) ناشیرینترین و ناشایستەترین ئاژەڵان و گیانداران بڵاوکراوەتەوە، کە لە لیستێکدا (١٠) ناشیرینترین گیاندارییان بۆ ساڵی (٢٠١٨) دیاریکرد، ناشیرینەکانیش ئەوانەن: مەیموونی برۆبۆسیس، بەرازی کێوی ئەفریقی، سەگی چینی، بازی تورکی، پیرە لووت ئەستێرە، ئایای، ماسی مۆنگ، شەمشەمەکوێرەی شێوەی ئەسپ، ماسی (خەفاش)، ماسی دلۆپە.










## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا سەگێك هەیە دەیەوێت بگات بە پارچە ئێسقانەکە، هەوڵبدە لە ماوەی یەك خولەکدا ڕێگەی دروستی بۆ نیشان بکەیت.



## پەند و وتە

بێرتۆلت بێرتهۆڵد بریخت، یەکێکە لە نووسەرانی شانۆیی ئەڵمانی، هەروەها چەندین شیعری هەیە، لەدایکبووی ساڵی (١٨٩٨) لە شاری ئۆگسبۆرگی ئەڵمانی، لە ساڵی (١٩٥٦) کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی تێکۆشان و هەوڵدان دەڵێ: ئەوانەی تێدەکۆشن و هەوڵدەدەن، لەوانەیە تووشی شکست و دۆڕان ببنەوە، بەڵام ئەوانەی تێناکۆشن و هەوڵیش نادەن، ئەوانە دۆڕاو و شکستخواردوون.



## سەگی شێوە مشک


ئاژەڵان و گیانداران هەر یەکە لە جۆر و شێوەیەکن، هەندێ جار لە شێوەی سرووشتی خۆیان لادەدەن و دەچنە سەر شێوەی جۆرێکی دیکە، کە ئەوەش لە پێش چاوی مرۆڤ دەبێتە حاڵەتێکی سەیر و سەمەرە، ئەو سەگەی کە بە «مشك» ناسراوە لە وڵاتی ژاپۆن دەژی، سەگێکە و گوێچکەکانی وەك گوێچکەی مشك وایە، ئەو سەگە ناوی (گۆما)یە، کە جۆرێکە لە وڵاتی ماڵتا پەیدا دەبێ. خاوەنەکەی کە ناوی (میبیا لینگ)ـە و ئەو سەگە بە خێو دەکات، هەوادار و جەماوەرێکی زۆری هەیە، کاتێك خاوەنەکەی وێنەکانی لە تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی پۆست دەکات، تا ئێستاش پێشنیاری (٧٥٠٠) دۆلاریان بۆ فرۆشتنی ئەو سەگە داوە.


## ورچی نمایشکار

کاتێك نمایشکاران وێنەی فۆتۆگرافی دەگرن، چەندین جووڵە و دانیشتن و وەستانی وا دەکەن هەموو کەس نایزانێت، تا لە وێنەکاندا بە جوانترین دیمەن دەربکەون، بەبێ ئەوەی ئەو ورچە ڕاهێنانی پێوە کرابێت، کەچی کاتێك لەلایەن وێنەگرێکی (ئیتاڵی) وێنەی دەگیرێت، دەست دەکات بە جووڵەی سەیر، ئەو وێنەگرە ناوی (جیۆسیپی دامیکۆ)یە، تەمەنی (٥٩) ساڵە، کاتێك سەردانی یەکێك لە دەریاچەکانی ڕووسیا دەکات، ئاشانی ئە و ورچە دەبێت، لەگەڵ وێنەگرتنی ورچەکەدا، ورچەکە خۆی دەجووڵێنێت و یان خۆی درێژ دەکات، هاوشێوەی نمایشکارەکان کاتێك لە ساتی وێنەگرتندا جووڵەی وا دەکەن کە لە لایەن فۆتۆگرافەرەوە داوا دەکرێت، یان بە خواست و ویستی خۆیان جووڵەکانیان ئەنجام دەدەن.









### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

هەندێ جار وا هەست دەکەیت خۆت ون کردووە، بەمەش زۆربەی کات متمانەت بە خۆت نییە و تووشی گرفت دەبیتەوە. ماوەیەکە لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت دوورەپەرێزی، چاکترە لێیان نزیك ببیتەوە، کەسایەتیت جوانە بەڵام لە رووی هەستەوە کەسێکی زۆر گرنگی بە خەیاڵ و دڵت دەدەیت، ئەمەش کێشەت بۆ دروست دەکات.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

هەر هەنگاوێك دەهاوێژی، دەبێ بیر لە داهاتووی بکەیتەوە و ئەنجامەکانی قبووڵ بکەی، ئەو کەسەی ماوەیەکە گرنگیت پێ دەدات، مەبەستێکی هەیە و ئارەزووی زیاتر ناسینی تۆی هەیە، هەڵەکانت بە پەشیمانی دەرمەبڕە، بەڵکو وانەیان لێ وەربگرە، ئەو کارەی ئێستات پێوەی خەریکی سەردەگرێت و بەردەوام بە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

وێڕای ئەو هەموو چاکەیەی لەگەڵ ئەو کەسەت کرد، کەچی گرنگ نەبوو لەلای و هەر خۆشت دەبێ لێی نزیك ببیتەوە، واچاکە ماوەیەك لەو کەسە دوور بکەویتەوە، تا بتوانێ قەدرت بگرێ و نرخت بزانێ، خۆت دەخەیتە ناو کێشەی کەسانی دیکە بۆ چارەسەری و دواتریش بە خراپە بۆت دەگەڕێتەوە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

بڕیارەکانت لە ژیانی تایبەتیتدا گونجاوە و شیاوە، بەڵام تۆ کێشەت لەگەڵ کاتی جێبەجێکردنی بڕیارەکان هەیە، چونکە هەندێکیان پێویستیان بەوەیە ماوەیەکی دیکە کاریان لەسەر بکەیت، هەندێکیشیان لەناکاون. کەسێکی دوودڵی لە ژیان و گرنگیی کەسێك بێزارت دەکات، بەڵام دەبێ بە دڵێکی فراوان وەری بگریت.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

بەرژەوەندیی خۆت لەلات گرنگ بێت، نەوەك خۆت بکەیتە قوربانیی هەست و ویستی کەسانی دیکە، چونکە لە کۆتاییدا قەدری ئەو قوربانییەت ناگرن. لەگەڵ کەسێك ماوەیەکە کێشەتان هەیە و تێگەیشتن نەماوە، دەتوانی زیاتر ڕوونتر و کراوەتر لەگەڵی وتوێژ بکەیت تا پێکەوە بگونجێن و تێبگەن کە چیتان لە یەکتر دەوێ.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

هەر کاتێك بتەوێت کارێك جێبەجێ بکەیت، ڕەنگە بۆت گونجاو نەبێ، هەر ئەوەشە وای کردووە کە کێشەت هەبێ لە متمانە بە کارەکانت. کەسێکی بەسۆزی بەڵام ماوەیەکە بێزاری و دەتەوێ خۆت بە ژیانی کەسانی دیکەوە خەریك بکەیت، باشترە چاوێك بە هەنگاوەکانتدا بخشێنیتەوە و چارسەریان بۆ بکەیت.

# سوودەکانی پێکەنین

توێژینەوەیەکی نوێ بۆ زانینی کاریگەرییەکانی پێکەنین لەسەر مێشکی مرۆڤ، لەلایەن زاناکانی زانکۆی (لوما لیندا)ی ئەمریکییەوە ئەنجام درا. ئەنجامی توێژینەوەکەش بەو شێوەیە بوو: ئەو کەسانەی دڵخۆشن و زۆر پێدەکەنن ئەوە کاریگەرییەکانی بەساڵاچوون لەسەر مێشکیان کەم دەبێتەوە و پێکەنین هۆکار دەبێت بۆ بەهێزبوونی یادەوەرییان. بەپێی رای توێژەرەکان زۆر ماندووکردنی جەستە لەماوەی تەمەنی گەنجێتیدا هۆکار دەبێت بۆ زیاد دەردانی هۆرمۆنی (کۆرتیزۆل) لەلایەن جەستەوە کە ئەمەش هۆکار دەبێت بۆ لاوازبوونی خانەکانی مێشك و کەمبوونەوەی توانای مێشك بۆ فێربوون و تووشبون بە کێشەی لەبیرچوونەوەو هەروەها هۆکار دەبێت بۆ ماندووبوونی مێشك. ئەم توێژینەوەیە لەسەر کۆمەڵێك خۆبەخش ئەنجامدرا بۆ دیاریکردنی توانای زیرەکیی مێشکی ئەو بەشداربووانە کە دابەشکرابوون بۆ دوو گرووپ، بەشێکیان ڤیدۆی بابەتی دڵخۆشکەر و گاڵتە ئامێزیان پیشان درا و بەشی دووەمیان هیچیان پیشان نەدرا. ئەنجامی تاقیکردنەوەکە بەو شێوەیە بوو ئەو کەسانەی کە تەماشای ڤیدیۆ گاڵتەئامێزەکەیان کردبوو، رێژەی هۆرمۆنی (کۆرتیزۆل) لەخوێنیاندا کەم بووەوە لەچاو گرووپی دووەم کە تەماشای هیچیان نەکردبوو.بۆ ئەوەش پزیشکەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە پێکەنین هۆکار دەبێت بۆ کەمبوونەوەی رێژەی ئەم هۆرمۆنە لەجەستەدا و ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر خانەکانی مێشك بە جۆرێك کەمبوونەوەی ئەم هۆرمۆنە هۆکار دەبێت بۆ بەهێزبوونی خانەکانی مێشك و درەنگ تووشبوون بە لاوازی خانەکانی مێشك و مانەوەی یادەوەری مرۆڤ بە بەهێزی.






## کاریکاتێر

ئەو کاریکاتێرە گوزاشت لەو کەسانە دەکات کە جلێکی گرانبەها و پارەیەکی زۆریان بە پۆشاك داوە، کەچی بیرکردنەوە و مێشکیان دینارێك ناکات، وەك ئەوەی بە پارە خۆی دەربخات و خۆی نمایش بکات، بەڵام لە زانست و قسەدا بێ نرخە.




کچێك لە دایکی دەپرسێ: دایە شووکردن شیرینە، یان تاڵە، دایکیشی بیردەکاتەوە دەڵێ: ئەگەر بڵێم شیرینە، لەوانەیە ئێستا داوا بکا، ئەگەر بڵێم تاڵە لەوانەیە هەر نەیکات، باشترە بڵێم ترشە، بۆیە گوتی: کچم شووکردن ترشە! کچەکەش گوتی: دایە دەمم پڕئاو بوو.



### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ژیانت لەخۆت تێکداوە و هەر ماوەیەك بە شتێك دەگریت و پاشان لێی پەشیمان دەبیتەوە، چاکترە لە یەك کاتدا بیر لە چەند هەنگاو بکەیتەوە و خەریکیان بیت، نەك ماوەیەکی زۆر بە کارێکەوە بیت و ئەنجامیشی نەبێ، ئەمەش تووشی بێزاریت دەکات، بیر لە داهاتووی خۆت بکەوە و ژیرانە بڕیار دەدەیت.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

لەو کاتەی نیازت وایە بیر لە بڕیارێکی ژیانت بکەیتەوە، دەبێ بزانی داهاتووی ئەو بڕیارە چۆنە، چونکە زۆر جار لە خۆتەوە بڕیار لەسەر هەنگاوێك دەدەیت و لە ئەنجامیشدا دەڵێی: بۆ وای لێهات؟ لەگەڵ کەسێکی خۆشەویستت دەتوانی کارەکانت چاکتر جێبەجێ بکەیت و ئەویش پێویستی بە تۆیە.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

کەسێکی ڕەشبینی و پێویست ناکات چاودێری کەسانی دیکە بکەیت، هەوڵبدە چاودێری باری ژیانی خۆت بکەیت، کەسێکی شیاو دەیەوێ لێت نزیك ببێتەوە، هەنگاوی ئێستات لە داهاتوودا ئەنجامەکەی وەردەگریتەوە، ماوەی داهاتوو ساتەوەختێکی ناخۆش دەبێ، بەڵام شتێکی بە نرخ بە دەست دەهێنیت.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

شێوازی بیرکردنەوەت لەگەڵ کەسانی دەورووبەرت جیاوازە، هەر بۆیە ئەوانیش وا بیردەکەنەوە کە تۆ ناتەوێ لەوان نزیك ببیتەوە. یان کەسایەتیت لەگەڵ ئەوان دوورە. ئەو کارەی بۆ ئەو کەسە کردت بە نرخە لەلای ئەو کەسە، ئەویش دەیەوێ پاداشتت بداتەوە و لێی قبووڵ بکە.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بڕوات بە کارەکانت هەبێ، چونکە لە ماوەیەکی نزیکدا لە زۆربەی هەنگاوەکانت سەرکەوتوو دەبیت، کەسێکی باش دێتە نێو ژیانتەوە و هاوبەشی بڕیارەکانت دەبێ، ئەوەی ئێستا ڕێگەت گرتووە، پێویستیی بە نوێکاری هەیە، واتە بڕیاری ئێستات پێویستی بە بیرکردنەوەی زیاترە و دەبێت دڵت گەورە بێ.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

رابردووی کارەکانت لە بیر مەکە و بزانە هەڵەکانت لە کوێ دەبینیتەوە، بڕوات بە داهاتووت هەبێ، چونکە بەرەو چەندین ئەنجامی گرنگی کارەکانت دەچیت، هەندێك لە مامەڵەکردنەکانت نەشیاوە و بەدواداچوونیان بۆ بکە، لەگەڵ کەسانی دەورووبەرت نەرم بە، بیرت لای کارەکانت بێت.